هەولێر.. دەستگیرکردنی کەسێک کە دزی لە بەساڵاچووان دەکرد

ئاسایشی هەولێر رایگەیاند، ژنەکیان دەستگیرکردووە کە هەڵساوە بە ئەنجامدانی چەند تاوانێکی دزیکردن، بەتایبەت لەو کەسانەی کە تەمەنیان گەورەیە و بەساڵاچوون.

 ئاسایشی پارێزگای هەولێر بڵاویکردەوە، دوای ئەنجامدانی بەدواداچوون لەلایەن تیمەکانیانەوە لەسەربوونی چەند حاڵەتێکی تاوانی دزیکردن بە فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر، تیمەتبارکیان دەستگیرکرد کە خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە و هەڵساوە بە ئەنجامدانی چەند تاوانێکی دزیکردن، بەتایبەت لەو کەسانەی کە تەمەنیان گەورەیە و بەساڵاچوون.

ئاماژەی بەوەشکردووە، تیمەتباری دەستگیرکراو، چاودێری ئەو کەسانەی کردووە و لە کاتێکی گونجاو تاوانی دزیکردنەکەی ئەنجامداوە، یەکێك لە تاوانەکانی دزینی بڕی پێنج هەزار دۆلاری ئەمریکی بووە لە شۆفێریکی تەکسی، لە کاتی دەستگیرکردنیدا دەستیان گرت بەسەر ئەو بڕە پارەی کە لە شۆفێری تەکسیەکەی دزیبوو لەگەڵ چەند پارچە زێڕ و ئامێری مۆبایلدا.